ئیمانوێل ماکرۆن پیرۆزبایی لە ژنێکی لەدایکبووی فیرۆز دەکات

سەرۆکی فەرەنسا, ئیمانوێل ماکرۆن بە زمانی عەرەبی و فەرەنسی پیرۆزبایی لە 90 ساڵی لەدایکبوونی هونەرمەند و گۆرانیبێژی ناوبانگی لوبنان و عەرەب فیرۆز کرد.

ئیمانوێل ماکرۆن لە هەژماری فەرمی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینستاگرام پەیامێکی پیرۆزبایی نووسی و وێنەیەکی خۆی لەگەڵ فیرۆز بڵاوکرد کە لە کاتی سەردانکەی بۆ لوبنان لە 31ـی ئابی 2020 لە ماڵەکەی فیرۆز لە ناوچەی ئابیە گیراوە و لەو مەدالیای "شەرەف" پلەی سوارچاکی بە فیرۆز بەخشی کە بە بەرزترین خەڵات دادەنرێت لە فەرەنسا.

سەرۆکی فەرەنسا، ئیمانوێل ماکرۆن لەو یادەدا نووسیویەتی: "دەنگی فیرۆز بردەوامە لە دڵی لوبنان و فەلەستینییەکان کە بەدوای ئاشتیدا دەگەڕێن، هەروەها شکۆمەندی ئەم ناوچەیە بەرجەستە دەکات، هیوای سەد ساڵە".

وێنەکە لە لوبنان و جیهانی عەرەبی کاردانەوەی زۆری لێکەوتەوە، فیرۆز کە ناوی ڕاستەقینەی نیهاد حەدادە لە 20ـی تشرینی دووەمی 1934 لەدایک بووە نێک 21 تشرینی دووەم وەک باس دەکرێت و ئەم زانیاریە لەلایەن ئیما-ی کچیەوە پشتڕاست کراوەتەوە.

فەیروز بە سیمبولی یەکێتیی لوبنان دادەنرێت

نیهاد رزق وەدیع حەداد ناسراو بە فەیروز، لە 21ـی تشرینی دووەمی 1934 لەدایکبووە، گۆرانیبێژێکی لوبنانییە، لە بەیرووت لەدایکبووە و لەگەڵ هاوسەری کێچکردووی (عاسی ڕەحبانی) و براکەی (مەنسور ڕەحبانی) کە ناسراون بە (برایانی ڕەحبانی) چەندەها ئێپڕا و گۆرانییان پێشکێشکردووە کە ژمارەیان دەگاتە نزیکەی 800 گۆرانی، لە تەمەنی شەش ساڵییەوە دەستی بە گۆرانی گووتن کردووە کاتێک لە ساڵی 1940ەوە پەیوەندی کردووە بە کەناڵی ڕادیۆی لوبنانی وە کاتێک حەلیم ڕەمی چاوی پێدەکەوێت نازناوی فەیروزی پێدەدات و ئاوازی چەند گۆرانییەکی بۆ دادەنێت دوای ئەوەی بەهرەیەکی زۆری لێودا بەدیکرد، وە پێشوازییەکی زۆری لێکرا لە جیهانی هونەری عەرەبیدا.

فەیروز لە کۆنترین هونەرمەندەکانی جیهانە کە لە ژیانە و لە بەناوبانگترین دەنگە عەرەبییەکانە و چەندین خەڵاتی جیهانیشی بەدەست هێناوە، دەنگی فەیروز بووە جیادەکرێتەوە کە شیرینە و ئارامی دەبەخشێت بە گوێگر، گۆرانییەکانیشی بووە جیادەکرێنەوە کە کورتن و خاوەن مانایەکی قوڵن، خەڵکی بڕیاری لە بیانیاندا گوە لە گۆرانییەکانی دیگرن، هەروەک بە گۆرانیبێژی بیانیان ناسراوە.